کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-1-2007 17:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆتایی دکتاتۆر ... ئەندازیارو مافناس/جەمال حەمەڕەشید

ڕۆژی شەمە بەرواری2006/12/30 و لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆزدا کاتژمێر شەش و پێنج دەقیقەی بەیانی گەورەترین زۆردارو دکتاتۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسزای عادیلانەی خۆی گەیشت و لەسێدارە درا، بەجێ بەجێ کردنی حوکمی دادگای تایبەتی عێراق سەبارەت بە تاوانی دوجەیل کەتیایدا حوکمی لەسێدارەدان دەرکرا بەسەر سی لەو تاوانبارانەدا، کە یەکێکیان سەدام حسێنی سەرۆکی پێشوی عێراق بوو، بەجی بەجی کردنی ئەم حوکمەو لەژیانا نەمانی دکتاتۆری عێراق، کۆتایی هێنرا بە سەردەمێکی تاریك لەمێژوی عێراق، مێژویەك کەچەندین تاوان وستەمی بەخۆوە بینی لەلایەن دکتاتۆرو دەست و پێوەندەکانیەوە، مێژویەك کە بە خوێناوی ترین قۆناغ لەقۆناغەکانی دەوڵەتی عێراق دائەنرێت، دکتاتۆری لەناوچو بۆماوەی سی و پێنج ساڵ بە ئاگرو ئاسن حوکمی عێراق و عێراقیەکانی کرد، شێواندنی کەسێتی هاوڵاتی عێراقی و بە حیزبی کردنی کۆمەڵگەو سەپاندنی دەسەڵاتی تاکرەوانەی خۆی بە سەر هەمو کەناڵەکانی ژیانی وڵاتدا لەسیماکانی سەردەمی حوکمی ئەم دکتاتۆرە بوو. بە چاوگێڕانێکی خێرا بە ژیانی دکتاتۆردا کەلە28/نیسانی ساڵی 1937 لەگوندی عوجەی نزیك تکریت لەدایك بوو، ژیانی مناڵی شێواو بو بە هۆی زوو مردنی باوکی و شو کردنەوەی دایکی کاتێك تەمەنی نو َسالان بوو، پاشان خیر اللە تلفاحی خاڵی گرتیە خۆی و ناردیە بەر خوێندن، لە ساڵی 1959 بەشداری کودەتایەکی سەرنەکەوتوی کرد دژی عبدالکریم قاسم و بوە هۆی دەرکەوتنی وەك کەسایەتیەکی دیار لە حزبی بەعسدا، وە لەو کودەتایەدا بریندارببوو وە هەڵهات بۆدەرەوەی وڵات، پاش چوار ساڵ لەژیانی ئاوارەیی گەڕایەوە بۆ وڵات و بەشداری کرد لەچالاکیەکانی حزبی بەعسدا بەنهێنی تاوەکو دەستگیرکراو خرایە زیندانەوەو پاشان هەڵهات لەزیندان، لەساڵی 1968دا پاش ڕودانی کودەتا سەربازیەکەی حزبی بەعس بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر، بەعسیەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست و سەدامیش کەسایەتی دوەم بوو لەو دەسەڵاتەدا کاتی سەرۆکایەتی باڵی سیاسی حزبی بەعسی دەکرد و ئەوە بو لەساڵی 1979 دا و لە کودەتایەکی سپیدا بەتەواوی ئەحمەد حەسەن بەکری لەسەر کار لابردو خۆی کردە سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان، پاشان کەوتە کوشتن و ڕاوە دونانی زۆربەی هاوەڵانی خۆی لەحزبی بەعسداو وە جەنگێکی هەشت ساڵەی لەدژی ئێران هەڵگیرساند، کە تیایدا بە هەزارەها هاوڵاتی عێراقی کوژراو ئەسیر بوو، وەچەندین ژن بێوەژن و چەندین مناڵ هەتیو کەوتن، ئەمە سەرەڕای ئەو زیانە گەورەیەی لەئابوری وڵات کەوت بەهۆی ڕودانی ئەو جەنگەوە، پاشان جینۆساید کردنی گەلی کورد بە وێران کردن و بۆردومان کردنی ناوچەکانی کوردستان بەچەکی کیمیایی و شەهید کردنی پێنج هەزار هاوڵاتی کورد بەتەنها لەشاری هەڵبجەداو ئەنفال کردنی سەدو هەشتاو دوو هەزار لە پیرو مناڵ و ژن و هاوڵاتی کوردی بێتاوان و وێرانکردنی زیاتر لە چوار هەزار لادیی کوردستان و لەکارخستنی زەویە کشتوکاڵیەکانی و ڕاگواستنی خەڵکەکەی و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا، پاشان داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت و دوچارکردنی عێراق و سوپاکەی بەجەنگێکی نابەرامبەر لەگەڵ هاوپەیمانان و لە ئەنجامدا بەفیرۆدانی سامانێکی زۆری گیانی و مادی و وێرانکردنی باشوری عێراقی لێکەوتەوە و پاشان سەپاندنی سزایەکی ئابوری قورس بەسەر گەلی عێراقدا بۆماوەیەکی دورو درێژ کە بوە هۆی برسی کردنی گەلی عێراقی ماندو بەدەست جەنگەکانی سەدامەوە، پاشان سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی 1991 داو ئاوارەکردنی خەڵکەکەی بۆ سنورەکان و دەوڵەتانی دراوسی، بەهەمان شێوە لێدان و کپ کردنەوەی ڕاپەڕینی شیعەکان لەباشوری عێراق هەر لەهەمان

ساڵدا، وە دوای چەندین ساڵ لە ململانیی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەهۆی ئەو ویستە دوژمنکارانەیەی کە هەمیشە لەهەوڵی بەدەستهێنان و گەشەپێدانی پیشەسازی چەکدا بوو جارێکی تر ئەم وڵاتەی دوچاری جەنگێکی تر کرد لەگەڵ ئەمریکا کە بوە هۆی داڕوخانی ژێرخانی ئابوری عێراق بەتەواوی و گەڕانە دواوەی ئەم وڵاتە بۆ چەندین ساڵ لەمەو پێش و بەڕوخانی ڕژێمەکەی کۆتایی هات لە نیسانی 2003دا، ئەمە جگە لەکۆچکردن و ئاوارەبونی ملێۆنان عەقڵی عێراقی بۆ تاراوگە، کەزیانێکی گەورەی بەسامانی مرۆیی ئەم وڵاتە گەیاند. ئەمانەو چەندین تاوانی تر لەلایەن ئەم دکتاتۆرە خوێنڕێژەوە دەرهەق بەگەلی عێراق و سەرجەم مرۆفایەتی ئەنجامدرا وە سەرەنجام بینیمان کەچۆن کردەوەکانی خۆی هاتنەوە ڕێگای و بەو پەتی سێدارەیەی کە چەندین هاوڵاتی عێراقی بێتاوانی لەناوبرد خۆیشی لەسێدارە دراو ڕەوانەی جیهانی بەرزەخ و عەدالەتی خوایی کرا. مێژوی مرۆفایەتی روداوی لەم جۆرەی کۆتایی ستەمکارو دکتاتۆری زۆری تێدایە کەجێگەی تێڕامان و پەند لێوەرگرتنە بەتایبەت بۆدەسەڵاتداران، ستالین و هیتلەرو مۆسۆلۆنی و تۆلە سەندنەوە لێیان لەلایەن گەلەکانیانەوە، ئەو نمونانەبون لە مێژودا کە نەبونە وانەو پەند بۆدکتاتۆری عێراق، تا ئەویش بەهەمان سەرەنجام گەیشت و تۆلەی گەل و بێتاوانانیان لێکردەوە، پێویستە دەسەڵاتداران سود لەم وانانەی مێژو وەرگرن و بزانن کە هەیبەت و دەسەڵاتیان تاسەر نیەو لەئەنجامدا سزای داد پەروەرانە چاوەڕێیانە، خۆ ئەگەر هەر لەدنیاشدا بە سزای خۆیان نەگەن، ئەوا بەهیچ شێوەیەك لە دادی خودایی و سزای دواڕۆژ ڕزگاربونیان نیە، بەڕاستی جیی داخە کاتێك ئەبینین مرۆفەکان بەهۆی نەزعەی ڕەگەز پەرستی و خودپەرستی و نەتەوە پەرستی یەوە خۆیان و میللەتان دوچاری وەیشومەو کارەسات دەکەن و لەکۆتاییشدا خۆیان دەبن بەپەندی زەمانە. ئەوەی لەم ڕوداوەدا جێگەی سەرنجە هەڵوێستی هەندێك لەحکومات و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبیە کەچۆن بە چاوی بەرژەوەندی تەسکی خۆیانەوە لەم ڕوداوە ئەڕوانن و ناتوانن ڕاستیەکان وەك خۆی ببینن و دژی لەسێدارەدانی دکتاتۆرن و تا ڕادەیەکی زۆر کردویانە بەڕەمزو کەسێکی تێکۆشەرو بەشەهید ناوی ئەبەن و چاو لەو هەمو تاوان و جینۆسایدو گۆڕە بەکۆمەڵانەی عێراق دائەخەن و ئەیانەوێت بیکەنە پاڵەوانێکی ئەم سەردەمە، لێرەوە تێئەگەین کە عەقڵیەتی شۆفینیزمی عەرەبی نایانەوی دان بنێن بەتاوانەکانی دکتاتورداو پشتگیری لەو ستەمکارە دەکەن و پێویستە بە ئاگا بێنەوەو بزانن تا واز نەهێنن لە ڕەگەزپەرستی و پشتگیری ستەمکاران و نەگەڕێنەوە سەر پەیامەکەی خودای هەمو نەتەوەکان، ئەوا ناتوانن ڕاستیەکان وەك خۆی ببینن و پەند لە ڕابردوو وەرناگرن و داهاتوشیان لە ئێستا باشتر نابێت.

2006/12/31